سوریا مەیدانی کێشەی جەمسەرە جیهانی و حکومەتانی ناوچەکە!..

نوری بەشیر

ئەوەی کە ئێستا لەسوریادا رووددا، شتێکی نا ئاوخۆیی نیە بە ئەندازەی ئەوەی کە مەیدانێکە بۆ کێشەی جەمسەرەکانی دنیا و حکومەتانی ناوچەکە کە کاریگەریان بەسەر سوریاوە هەیە. بەتایبەت بەدوای چەند ساڵ، لانی کەم لە شەش ساڵی رابردوودا لەگەڵ کێشکی نیمچە ئارام کە هەموو هێزەکان لەناوچەکانی خۆیاندا بەدەگ بوون، لەگەڵ ئەوەی سوریایان دابەشکرد بۆ ناوچەی ژێر دەسەڵاتی؛ ئێستا، روسیا، ئێران و حزبوڵا لایەک، ناوچەی ژێر دەسەڵاتی؛ تورکیا و هەیئەی تەحریری شام و دیان حزبی ئیسلامی تر، ناوچەی ژێر دەسەڵاتی هەسەدو یەپەگەو ئەمریکا لایەکی ترو هەندی ناوچەی بچوکی تر لایەن هێزەکانی داعش و هەندێ هێزی ئیسلامی ترەوە. بەڵام بەچی لەمکاتەدا ئەمە رووددات و بەخەرایی‌یەک هێزە ئیسلامیەکانی وەک هەیئەی تەحریری شام و ژمارەیەکی تر، بەیارمەتی تورکیا، حزب و چەند ناوچەی دەوروبەری دەستبەسەردا دەگرن و هێزەکانی سوریا، روسیا و ئێران و حزبوڵا بەبێ بەرگری دەردەکەن، کە ئەمانە زۆر هێدەگرن و زۆر شکوگومان باسدەکرێت و لێکدانەوەی جۆراوجۆری بەدەکرێت، کە شوێنی باس نیە لێرەدا، بەڵام دەکرێت هەندێ لە هەکارەکان و زەمینەکانی لە کەمتێک لایەنی ناوخۆو ناوچەیی و جیهانیدایە بخرێتەڕوو.

هەر ئەوەی لە ٢٠١١وە لەسوریادا حکومەتکی جگیرو دەسەڵاتی تەواوی هەتا بەسەر ناوچەکانی خۆیشیدا هەبێت نەبووەو نیە، ئەوەی بەشار ئەسەدی راگرتووە روسیاو هاوپەیمانکانیەتی لە ئێران و حزبوڵایە، بەڵام جگاورگای هەریەک لەم هەزانە وەک دەورەی پشوو نەماوەو گەڕانی بەسەردا هاتووە.

دەسەڵاتی بەشار ئەسەد لە سوریا لە سیانزە ساڵی رابردوودا لایەن روسیاو ئێران و حزبوڵاوە ماوەتەوە، ئەسەد ئیدامە بەژیانی نەگریسی خۆی دەدات لە سوریایەکی پارچە پارچەبووی ژمارەیەک هێزو لایەنی جیهانی و ناوچەیی رایانگرتووە. لەو ماوانەدا کەبوونەوەکانی جنێف لایەن ئەمریکاو رێژئاواوە شکستی هێنا. کەبوونەوەکانی ئاستانە لایەن روسیا، ئێران و تورکیاوە بە چارەسەری کێشەی سوریا شکستی هێنا، هەروەها هەوڵەکانی کەبوونەوەکانی کەمتێی وڵاتانی عەرەبی

بە هێنانەوەی سوریا بۆناو کۆمەڵگەی عەرەبی و نێودەوڵەتی و ئارامکردنەوەی سوریا، سەرکوتوو نەبوو، هاوڕێکانی تورکیا بە دانیشتن لەگەڵ بەشار ئەسەد بە رێکەوتن و دانانی شەرت بە سوریا شکستی هێنا. هەر لەم ماوانەدا گەڵانکاری لە جێگاوڕێگای روسیا، ئێران و حزبوڵا نێک تەنها لە سوریا بەڵکو لە ئاستی دنیادا گەڵانی بەسەردا هات.

ئەم هەرشانەی ئەستای هەیئەی تەحریری شام و دەیان گروپی کە بە ١٢ گروپ دەستنیشان دەکرێت کە هەموویان دەستەجاتی ئیسلامی وەک هەزی کۆنەپەرست و دژی مەدەنیەتی کۆمەڵگان، هەروەها بوونی هەزەکانی تورکیا لەوناوچانەدا، کە هەموو ئەو لایانەش بە یارمەتی و دەستپێشخەری حکومەتی ئێردوگان لە تورکیا دەچێرخێن و کۆمەک دەکرێن. ڕێک بەدوای ڕەکەوتنی ئیسرائیل و حکومەتی لوبنان بە ئاگربەستی ٦٠ ڕۆژەو کشانەوەی هەزەکانی حزبوڵا لە باشوری لوبنانەدا، کە لەدانەکانی حزبوڵاو کوژرانی حەسەن نەسروڵاو ژمارەیەک لەسەران و ئەندامانی حزبەکەی و کوژرانی هەزاران لەخەڵکی مەدەنی و کاولکردنی بەشێکی زۆری کۆمەڵگای لوبنان و ئاوارەیی، هەر حزبوڵا خەی بەهێز نەکرد لە لوبنان و سوریا بەڵکو جێگاوڕێگای ئێرانیشی لە لوبنان و سوریا لاوازکرد. هاوکات روسیاش جێگاوڕێگای پێشووی لەسوریادا نەماوە بەهەی کێشەکانی لەگەڵ ناتەدا لە ئەکرانیا وە زۆرترین قورسایی لەسەر ئەو کێشەیە داناوە، کە کە کێشەی لەگەڵ ناتوادا و سەرکەوتنی دەتوانێت چارەنوسی هەزی لەدنیادا بگۆڕێت.

بەگومان ئەم هەنگاوەی حکومەتی تورکیا بە جوڵاندنی هەزەکانی هەیئەی تەحریری شام بەڵابەری ئەبو محەمەد جولانی پەروەردەی دەستی زەرقاوی و ئەبوبەکر بەغدای لە قوتابخانەکانی قاعیدەو داعشدا و ئیسلامیەکانی تر کۆمەککردنیان بەهەموو شێوەیەک، بە بێ گەڵپی سوز لەلایەن ئەمریکا نەبووە، کە کاتو فرسەتێکی باشە بە تورکیا کە سود لە بەهێزی روسیاو ئێران و پاشکشەی حزبوڵا لەناوچەکەدا وەرگرێت، ئەمە بە تورکیا لە پاشکشەیەک لەناوچەکەدا بەشێوەیەک کردویەتی و هەلومەرجێکی قەیرانی تورکیا کە هەیەتی، دەیەوێت جێگایەک بگرێت، وە ئەمریکاش پێویستی بەمە هەیە.

لەولاوە هەموو وڵاتانی ناوچەکە لەپێیوەندو سەردانی یەکتردان لەم پێیوەندەدا لەئاستی باڵادا، ئێران لەڕێگای وەزیری دەرەوە، لەگەڵ تورکیا و عێراق و سوریا و روسیا لەچاوپێکەوتندایەو بانیازی سەردانی وڵاتانی عەرەبیە، سەرانی عێراق لەگەڵ تورکیاو ئێران لەپێیوەندیدایەو هەزەکانی سوپاو حەشدی شەعبی عێراقی لەسنورەکان و هەتا هەندە لە ملیشیاکانی حەشدی شەعبی سنوری سوریایان تێپەاندوە

بە یارمەتی بەشار ئەسەد، پەیامی وەتانی عەرەبی بە ئارامی و یەکپارچەیی خاکی سوریا بەرچاوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەی هەموو ئەو هەزانەو حکومەتانی ناوچەکەو جەمسەرکانی روسیاو ئەمریکاش بە بەرنامەو بەرژەوەندی جیاوازی خەیانەوەن و دەخالەت لەسوریا دادەکەن و کێشەیان هەیە، بەڵام هەموویان هاوڕان لەسەر چەند خاڵێک ئەویش دژایەتی تیرۆریزم و یەکپارچەیی خاکی سوریاو نەوخانی رژمی بەشار ئەسەدە لەئێستادا.
دنیای دووەوویی و درۆزن و چاوبەستی سەرمایەداری و حکومەت و سەران و حزبەکانیان، جارێکی کە هەرەوەک ئەوەی لە ئۆکرانیا رووێدا بەردەوامە. ئەوا هەموولایەنەکان لەجەمسەرە جیهانی و حکومەتانی ناوچەکە، لەسوریا دووبارەی دەکەنەوە. سوریا لە ٢٠١١ وە نزیکەی نیوەی لە خەڵکەکەی کە لەجێگاوەگای خەیان هەڵکەنراون، لەوانە نزیکەی ٧ ملیۆنی چەتە درۆو بە دنیادا باوبوونەتەوەو لەوانە نزیکەی سێ ملیۆن و نیوی لە تورکیادان و هەروەها چەند ملیۆنی تر لەناوچەکانی تری سوریا ئاوارەو سەرگەردانن، جیا لە ملیۆنان کەس لە کوشتارو بریندار، بەجیالەوەی کە کەمەگە کاولبووەو برستی و هەژاری پشلکاری کێشتە ئەوپەڕی خەی چ لەلایەن رژمی بەشار ئەسەدو حزبوڵای لوبنان و ئێران و روسیا لەلایەک و لەلایەکی ترەوە بەهەی هەزە ئیسلامیە جەراوجەرکان و تورکیاو ئەمریکاوە لەلایەکی ترەوە، بەڵام ئەوە ئەمەی ئێستاشی هاتسەر.
بەڵام حکومەتان و میدیا گوە لەمستە بەرژوازیەکانیان هەریەکەو لەگەشنیگای بەرژەوەندیەکانی خەیانەوە کەئێستاش کوشتارو ئاوارەیی دەچێتسەر، بەڵام بەشوەن بەرنامەی خەیانەوەن کە تورکیاو ئەمریکا و ئیسرائیل بە دژایەتی روسیاو ئێران، کێشەیان نیە هەزکی تیرۆریستی وەک هەیئەی تەحریری شام کە لە ناو قاعیدەو داعشەوە هاتووە بەشداری دەسەڵاتی بەشار ئەسەدی پێبکەن و وەک هەزکی ئۆپۆزیسیۆن دەیناسنن و قبوڵیانە. روسیاو بەشار ئەسەد کە پاشکۆیان پێکراوە لە حەڵەب و دەوروبەری و تنیا فڕۆکە جەنگیەکانیان بەدەستوەیە ئەوا خەڵك لەگەڵ باخانەو زەویدا تەخت دەکەن، لەژێر ناوی لەدان لە ئۆپۆزیسیۆن.
هەموو ئەو لایەن و هەزانە قسەوباسی رژانیان دژی تیرۆریان بەرگری یەکپارچەیی سوریایە، بەڵام بابزانین خەیان لەکوێی تیرۆرو دابەشکردنی سوریادا راوەستاون. دیارە ئەوان بەپێی ئەو یارمەتیەی کە هی هەیئەی تەحریری شام و ئیسلامیەکانی تری دەدەن کە رژانە ژەهری دژی ژن و ئینسان دەژن و فتوا دەدەن و مرۆڤ دەکوژن و لە ٢٠١٧ وە ناوچەی ئەدلیب و باکوری سوریان جیاکردەتەوەو ژەهری کەنەپەرستی و جیاکاری تەدا دەچنن، مەبەستیان ئەمانە نیە، لەهیچ

شوێنکدا باسی داعشیش ناکەن بە جیاوازی خوازو تیرۆریست ناویان نابەن.
دیارە قسەی ئەمانە لەسەر تیرۆرو تیرۆریزم و دابەشکاری خاکی سوریا، بەرنامەو سیاسەتیان دژی هەزبەکی کە ئەویش هەسەدەو یەپەگەیە، کە لەسوریادا ئاگەر هەزگەلێک هەبەت باسی دابەشکردنی سوریا نەکات ئەمانەن، ئاگەر هەزگەلێک هەبەت دژی تیرۆر بەت هەرئەمانەن، کە بەکردەوە دژی تیرۆریزمی داعش و قاعیدە جەنگابن و ئەمەش جەگاورەگای ئەستای پەبەخشیون.
بەڵام ئەوەی تورکیا پشتەوایەتی بزوتنەوەی دژی تیرۆر دەکات و داوای یەکپارچەیی خاکی سوریا دەکات، کەشەی خەیاتی لەگەڵ هەزبەکدا لانی کەم لەسوریا نیشانیداوە کە جیاوازی لە ئیسلامیەکانی هەیئەی تەحریری شام و ئیسلامیەکانی ترو ئەمە بەجیا لەوەی تیرۆریست نین و جیاوازی خواز نین، بەڵام بە ئایندەی نەک تەنیا سوریا بەسەر خەیان و تورکیا بەترس دەیبینن‌وە.
تا بە هەسەدە دەگات " هەزبەکانی سوریای دیموکرات" کە ناوچەیەکی زەریان بەدەستەوە لە رۆژئاوای سوریا بەناوچە کوردیەکان و ناوچەی عەرەب زمان، کە ژمارەیەکی زەر لە ' کوردو عەرەب بە وەی جیا دەکرێتەوە بە مەسیحی و موسەمان و هەتا شیعەشیان تەدایە'، کە ژمارەیەک لە حزبی عەرەبی و کورد لەخەدەگرێت لەوانە یەپەگە ' یەکینەکانی پاراستنی گەل' وەک یەکەک لەو هەزانەیە کە وەک هەزبەکی کوردی ناوچەی رۆژئاوا.
هەزبەکانی هەسەدە، بەجیا لەهەر تەبینیەک و جیاوازیەک من کەهەمبەت لەگەڵیاندا، بەڵام نیشانیان داوە ناوچەکانی ئەوان جیاوازە لەناوچەکانی ترو خەڵکەکەی لەهەندە ئازادی و ماف بەهرەمەندن بەتایبەتی ژنان، بەتایبەت لەم هیرشانەی دواییدا بەسەر حەڵەب و ناوچەکان خەڵکەکەی زەری ناوچە عەرەبیەکان رووبانکردوەتە ناوچەکانی ژەردەسەڵاتی هەسەدە، کەبەپێی هەندە سەرچاوە ئەستا ناوچەی رۆژئاوای سوریا نزیکەی زەرترین دانیشتوانی سوریای لەخەگرتووە، بەوەی کە ئاسایش ترە بە ئینسان. دیار ئەو حکومەت و میدیانەوەک هەزی سەرمایەداری و کەنەپەرست چاویان بەجەرەک لەناوچەی وادا هەڵنایەت و بە خەڵکەکەی بەڵاوا نابینن، بەڵام باسی ئەوە ناکەن بە ئەو خەڵکە عەرەبانە رووناکەنە ناوچەی ئیدلیبی ژەر دەسەڵاتی ئیسلامیەکان.
هەروەک ئەوەی لە ئۆکرانیا رووەدات جەنگی نێوان روسیاو هاوپەیمانەکانتی لەگەڵ ناتە کە ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لەلایەکی ترەوەیە، کە مەیدانەکەی وڵاتی ئۆکرانیایە. سوریاش مەیدانەکە بە کەشەی نێوان ئەو هەزە جیهانی و ناوچەییانە، کە قوربانیەکانی

خەڵکی سوریا بەردەوام دەیدات، کە ترس و دڵەڕاوکێی لەوانی ناوچەکە بۆ ئاسایشەکی زیاتر دروستکردوە، کە چارەسەر نەبوونی بۆشاری ئیسلامیەتانیاو هەتا دەستاتیشی سەراسەری بتوانێ، یان ئاوای تورکیا پشتیاری دکات بۆ ڕکەوتنی بۆشاری ئیسلامیەکانی تر هەر نەک ئایندەیەکی باش بۆ سوریا ناهێنێت، بەڵکو ناوچەکەش تەکدەدات، خەڵک تاجروبەو دەرسی جمهوری ئیسلامی ئێرانی لەناوچەکەدا لەبەردەستدایە. کەواتە چارەسەر لای ئەوان نیە.

ئەم هەلومەرجی سوریا بۆ ئەمە کەمانیستەکان و کرێکاران زەر گرنگە نەک وەک تاجروبەیەک بەڵکو وەک مەیدانەکی عەمەلی، ئەم هەلومەرجە بۆ ئیستایەو بۆهەر ئایندەیەک کە دەتە پشتوە کاریگەری گەورەی لەسەر هەلومەرجی باوچەکە دەبێت، بۆیە زرورە لە نزیکی ئەمە بۆ ڕگاچارە بشوینیەو بین بزانین چیە؟ لەهەلومەجەکی ئیستای سوریدا کەمەگەیەکی نەرماە نیە، واتە وەتەکی ئارام، یان خاوەن حکومەتەکی جگیر ئگەر دیکتاتەریش بێت نیە، کە خەڵک لەشوەن و جگای خەیدا بێت و لەگەڵ رژەمەکی وادا دەستوپەنجە نەرمبکات، وەک لە ئێراندا هەیە، بۆیە دەبێت لەسەر هەلومەرجەکی وادا کە چینی کرێکار لەشوەن و جگای خەیدا نیە، کەمەگا باری ئابوری و سیاسی و کەمەایەتی داوخاوە، حزبی چینی کرێکارو کەمانیستی نیە، دەبێت لەکوەدا بۆ چارەسەر بگەڕێین.

ئەمە بۆ ئەکرانیاش لەکدانەوەیەکی دروستمان کرد، هەربۆیە ئگەر بۆ چارەسەری راستی کۆشەی سوریا بگەڕێین، هەڵویستی دروستمان هەبێت، دەبێت لەبەرژوەندی خەڵکی کرێکارو کەمدەرامەتی سوریاوە سەیر بکرێت، ئەبێت لەئێستا بۆ ڕگایەک بگەڕێین کەمەگا لەو سەرگەردانیە دەربهێنێت بۆ باشتر لەم هەلومەرجەی هەی، ئەبێت کاریگەری زیانباری خراپتر کە چاوەڕێی سوریا دکات و کاریگەری لەسەر ناوچەکە دەبێت ڕەی پێبگیرێت، کەواتە ئگەر ڕگایەک هەبێت بکاتیهێنان بۆ کوشتارو کاولکاریەک کە نزیکەی ١٥ ساڵە بەردەوامەو هیچ بۆهایەکی ئینسانیان لەو کەمەگایەدا نەهشتتوە، مەدەنیەتیان لەوکەمەگایەدا بیوە، ئەوا دەبێت بڕین کە ئەمە تانیا لەدەست خەڵکی زوملکراوی ئەو کەمەگایەدایە بۆهاوپشتی بزوتنەوەیەکی ئینسانی و ئازدیخوازو کرێکاری و چەپ و رادیکال لەدنیادا، ئەوەی کراو دکرێت بۆ فەلەستین، کەبەرژەوەندیان لەگەڵ ئەو جەمسەری جیهانی و حکومەتانی ناوچەکەو بۆشار ئەسەدو ئەپەزیسیۆنی ئیسلامی و حکومەتی تورکیادا یەک ناگرێتەوە.

زرورە هەموو ئەو حزبانەی سوریا بۆ کوردی و عەرەبیەوە کە مەدەنی و عەلمانی و رادیکال و چەپن، بتوانن هێزی خۆیان بهێننە مەیدان،

ناوچەو هێزێک کە قەسدەو یەپەگە تێیدا هەیە نێک هەر بپارێزرێت بەکو بەرەو ناوچەکانی ترو فراوانتر بەوات و لە هێزە ئیسلامیەکان و تورکیا لەلایەک و لە بەشار ئەسەدو ئێران و حزبوڵا پاکبکرێتەوە. هاوپشتی جیهانی بەیان رابکەشرێت، بە ئاوگۆکی تر بەپەچەوانەی ئەوەی هێزە جیهانی و حکومەتانی ناوچەکە کە ئێستا دەیانەوێت، بە مسۆگەرکردنی ئایندەیەکی باشتر بۆ هەموو خەڵکی سوریا.

٤ی دیسەمبەری ٢٠٢٤

وێنا جیاوازەکان لە فەزای (سێاو لە بیکێت)ی (داستان بەرزان)دا.. بێند باجەلان

سەرەتا:

(سێاو لە بیکێت)، ناونیشانی دەقێکی (داستان بەرزان)ە کە تیایدا شاعیر بەرەو کەمەڵك وێنای جیاوازی شیعری ئاراستەمان دەکا، کەمەڵك وێنا کە سەر بە فەزای جیاوازن لەنێو فەزای دەقەکەدا جێگایان دەبێتەوە.
لە شیعرەکەدا گەیانەوە بۆ ئەو هەستانەی لە ژیانەوە جێدەمێنن، بە خەیاڵی گەیشتن بە مردنێك کە لەوەیە نزیك بێت، دەبینین. وێناکان بەردەوام دەبن تا سنووری گەیشتن بەو وێنایەی، گەیشتن پێی بەستراوەتەوە بە سنووره ترازاوەکانی نیشتمانەوە. چونکە کێی دەقەکە کارکردنە لەنێو ئازار و سەفەرە لە ئازارێکەوە بەرەو ئازارێکی تر، ئەوا لە سێبەری بەشێك لە دیدگاکانی (فریدریك نیتشە)دا(1)، قسە لەسەر شیعرەکە دەکەین.

پاژی یەکەم: ئەماسەکانی نێو جیهانێکی تاریك

گوزارشتکردن لە دنیایەکی تاریك کە ناخمان پێ دەکا لە تاریکی و نیگا و هەستیشمان بە هەمان شێوە، وەکو (دنیای هەبوو)ی نێو شیعرەکە قسەی لەسەر کراوە، بێیە شاعیر بەردەوام دەیەوێ لەم

دنیایە ڕابکا، ڕاکردنێك كە دەرەنجامی هەمان ئەو ململانێیەیە لە ئاستی ژیاندا دەیكات.
((ئەماسەكان لە ناومدا
دەجوڵێنەوە و
گەشە دەكەن
ڕەگریان لێدەكەم نەدرەوشێنەوە
پەرش نەبن
نەشكێن
نەتوێنەوە
لە جیهانێكدا كە تاریكە.))
ئەو بەهایەی لە ناخی شاعیردا هەستی پێكرا، هەمان ئەو ئەماسەیە كە پێویستی بە جۆرێك لە پارێزگاریی خودی هەیە، واتە ئەوە شاعیرە دەبێت لە ئاستی ئەو هەموو تاریكییە مەزنە، پارێزگاری لەو ئەماسە تاقانەیە بكا كە وزەی بەردەوامیی خودە و بە نەمانی، (خودكی تەنیا و بێهێز) دەبێتە چەق. بە ئامانجی دوورگەوتنەوە لەو مەترسییە گەورەیەی تاریكی و هاتنی تاریكیی مەزن، دەبێتە پارێزەر و پاسەوانی ئەماسەكەی ناخی.
ئەم ململانێیە لەگەڵ ژیان و تاریكی، فەزایەكی بەرفراوانی فەلسەفەی (نیتشە) دەگرێتەوە. (نیتشە) شەرابی نەدەخواردەوە و گەورەیی دەبەستەوە بە ئازارەوە، یانی ئەوانەی لە ڕەگای شەراب و ڕاكردنەوە خۆیان دەخەنە نێو دۆخی نائاگایی، چیتر گەورە نین، بۆیە بەركەوتن بە ئازار وەكو پێویستی دەبینرێ كە ئەمەش پێچەوانەی دیدگای (شۆپنهاوەر)ە(2)، بەڵام پەیوەندی (نیتشە) لەگەڵ ڕاستی، وەكو پەیوەندی (مارتن لوتەر)(3) نەبوو لەگەڵ (ئیمانی ئایدیالژی)، سنووردار نەبوو، ئاستە جیاوازەكانی دەگرتەوە، هەر ئەم دیدگایەیە وا دەكا لای (نیتشە) بەزەیی بكەوێتە نێو قاڵبی خراپەوە، كاتێ بەزەییت بە من دێتەوە، لەبەر ئەوە نییە خۆشتدەوێم، بەڵكو لەوە دەترسی ئەوەی بەسەر من هاتووە بەسەر تۆش بێت، لە ڕەگای نیشاندانی بەزەییەوە، ئەو ترسە لە خۆت دووردەخەیەوە.
شاعیر لە شیعرەكەدا بەردەوام فڕی ئەوەمان دەكا، سەر بە ئازارێكی دیاریكراو نەبین، دۆخە جیاوازەكانی ئازار تاقی بكەینەوە و خۆمان ئالووەی یەك جۆری ئازار نەكەین كە ئەمەش بەشكە لەو دنیایەی لەنێو شیعرەكەدا مانیفێست دەبێت و دنیای ئەو ئازارە هەمیشەییانەیە، ناخمان داگیر دەكەن و ڕەحمان ئاوێزانی گوناهەكانی ئینسان دەكەن. پارێزگاریكردنی خود لە ناخ و ئەماسەكەی كە فاكتەری مانەوەیەتی، دیسانەوە دەمانبەنەوە بۆ ئەو شەقامانەی، پێن لە ئازار، لە ئازارە گەورەكانی نیشتمانەوە تا ئازارە

سەرابییەکانی شیعر، لە ئازارە هەمیشەییەکانی سووتانی باخچەوە، تا ئازارە سووڕەکانی مردنی گۆ، ئەو وەکو چۆلەکەیەك کە سووتان ناسنامەی وجدی بێت، دەیەوێت فڕی وانە جیاوازەکانی ژیانمان بکا.
((گرانە لە ماڵەکەمدا کەسێك هەبێت بیری بکەم
کەسێك هەبێت لە دڵمدا
کەسێك لە ماڵەکەیدا بیرم بکات)).
((من تاکە مرۆڤم
پێکەوە دەست و دووژمن
دەبێت لە دەستیان ڕابکەم
من ئەو نەفرەتەم ئەی دڵ
ئەو نەفرەتە!))
تەنیایی شاعیر بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێ. شاعیری تەنیا، تەنیایی خۆی دەبەستێتەوە بە بیرکردنەوەوە، واتە مادام کەسێك نییە شاعیر بیری بکا یان ئەو بیری شاعیر بکا، کەواتە شاعیر تەنیایە، تەنیایەك کە نابەختەوەری بە شوێن خۆیدا دەهێنێ، چونکە هەمیشە ئەوانەی یادمان دەکەن و بیرمان لێ دەکەنەوە، دەبنە هۆکاری بەختەوەریمان. وەکو (ئەرستۆ) دەڵێ: بەختەوەری ئامانجی یەکەمی کرداری کانمانە، وەلێ لەو سیاقەدا بەختەوەری بەستراوەتەوە بە بیرکردنەوەوە، مادام کەسێك نییە بیری بکەین و کەسێك نییە بیرمان بکا، کەواتە ئەو خودەی لە دەرەوەی منداڵ بوونی هەیە، من نییە بەکو سەبەرکە دەیەوێ ئەی من ببینێ لەسەر شانی ژیاندا، ئەگینا ئەوە خود نییە کە بەختەوەرە.
(نیتشە) کاتێ تووشی نەخۆشییەك دەبێت، بێ خوشکەکەی دەنووسێت: هیچ قەشەیەك نەیەتە سەر گۆڕەکەم، دواتر کە لەو نەخۆشییە چاك دەبێتەوە، وێستگەیەکی تری تەنیایی (نیتشە) دێت، ئەو کاتەی خۆشەویستترین هاوڕێی کە (واگنەر)ە تەنیای دەکا و لە (بەیروت) کۆنسێرتگەلێك ساز دەکا، گوزارشتن لە پیرۆزییەکانی مەسیحیەت، چونکە (نیتشە) ئەگەرچی ئەخلاقیاتی مەسیحی قەبووڵ بوو، بەڵام تەواو دژی سیفەتە خوداییەکانی ئەو بوو، پێیوابوو (پۆڵس) بنیاتنەری مەسیحیەتە، هەر ئەمەش وای دەکرد کە بڵێ: شەراب و مەسیحیەت یەك سەرچاوە کێیان دەکاتەوە ئەویشیان بەهۆشکردنی خەڵکە، بێیە کاتێك (واگنەر) جارێکی تر باوەش بە مەسیحیەت دەکاتەوە، (نیتشە) ڕادەستی تەنیایی دەکا.
تەنیایی هەمیشە نمایشی ئازار دەکا، وەلێ زۆرجار مرۆی تەنیا چێژ لەو ئازارانەی تەنیایی دەبینێ و خۆی جوانتر دەناسێ و کەمەگا و ئەوی تر باشتر دەناسێ، ئەو ناسینە درۆژ دەبێتەوە تا ئەستانەی ناسینی خودا و لەگای تەنیاییەوە، خودایەکی تەنیا دەناسێ. شاعیر

لەم دەقەدا، دوو باڵمان پێدەدا کە بەردەوام سەراغی کەسە تەنیاکانی پێ بکەین، بەجۆرێك ئەوەندە خەیاڵمان دەبا بێ لای ئەوی تری تەنیا، زۆرجار تەنیاییە جەوهەرییەکە کە تەنیایی شاعیرە، دەبێتە دووڕیانی گەیشت و نەگەیشتن، گەیشتن بەو خۆشیانەی ژیان دەیانچێنێ لە باغی نەستدا، نەگەیشتن بەو نۆرگزەی مردن دەیچێنێ لە ماڵی حەقیقەت و ئەبەدیەتدا، بۆیە لە دەقەکەدا لەپاڵ نمایشی دیوە سەرابییەکەی ژیان، پێناسەیەکی دیکە بۆ مردنیش دێت، یانی کاتێ مردن دێت، تەنیایی دێت، کاتێکیش تەنیایی دێت، ئەو دیوە سەرابییەی ژیان کە باسمان کرد، چیتر ناتوانێ نمایش بکا.

((شتێك فریای مرۆڤ بکەوێت
تەنەکەیەك ڕۆنی بەتاڵ
تاتەشرێك / سندوقێك لم/ ئیسپانەیەك/ بەلەعەیەك
مۆبایلێك / کەرەقانەیەك/ پارەیەکی دراو
فریای مرۆڤ بکەوێت
فریای خۆی بکەوێت مرۆڤ
شتێك فریای مرۆڤ بکەوێت))

هەڵەیەکی زمانەوانی لەم پارچە شیعرەدا بوونی هەیە، دەبوو شاعیر بڵێت: تەنەکەیەکی بەتاڵی ڕۆن، چونکە ئەوەی بەتاڵە تەنەکەکەیە نەك ڕۆنەکە. بە هەر حاڵ دەقەکە بەدوای فریادەسێك دەگەڕێ، دەستی ئینسان بگرێ و بە بەهاکانی مرۆڤبوونی شادبکاتەوە، باوەش بە مرۆڤدا بکات و بیکاتەوە بە مرۆڤ، جا ئەو فریادەسە تەنەکەیەکی بەتاڵی ڕۆن بێت یاخود مۆبایلێك یاخود کەرەقانەیەك یان هەر شتێك کە دەتوانێ فریای مرۆڤ بکەوێ. دواییش دەکو شاعیر وەکو فریادەسی مرۆڤ دەیبینێ، مرۆڤە، واتە مرۆڤ کۆتا شتە ئومێدی ئەوەمان پێی بێت بتوانێ مرۆڤ ڕزگار بکا. ئەم ڕیزبەندییە پەیژەییەی لە شیعرەکەدا هاتووە، دیوێکی ئیستێتیکی دەقەکەمان بۆ بەیان دەکا کە گوزارشتی وشەکانە لە مۆژووێك کە مۆژووی مرۆڤە و ئێستا و داهاتووێك کە هی مرۆڤە.

ئەوەی شیعرەکە دەیڵێ ئەوەیە کە: زۆرینەی مرۆڤەکان جێگای ئومێد نین، بەکو پێویستە شەقام و کۆڵان و خانووەکان تەی بکەین بۆ ئەوەی مرۆڤێك بدۆزینەوە کە کەکی هەبێت بۆ مرۆڤکی تر. (نیتشە) بەردەوام کۆشەی هەبوو لەگەڵ زۆرینە، بگرە کۆشەی گەورەی (نیتشە) کۆشەبوو لەگەڵ دیموکراسیەت، بە درێی دەبینی و پێیوابوو دەوڵەتێك کە بەهێزەکان پێکیان هێناوە، بەهێزەکانیان کێت و زنجیر کردووە، بەڵام کەسی بەهێز شەهوەتی لەناو نابات بەکو ڕۆکی دەخات، ئەم گرفتەش لە (وەهای گوت زەردەشت)دا زیاتر دەردەکەوێ. کتێبەکە لە چوار بەش پێك دێت و بە دەربڕینکی شاعیرانە نووسراوە، تیایدا کار

کراوە بۆ تێکشکاندنی خاچ. بە کورتی: (زەردەشت) دوای دە ساڵ لە گۆشەگیری لە ئەشکەوت دێتە دەرەوە و باوەڕی بەو خودایە نەماوە مەسیحییەت باسی دەکا، لێرەوە دنیای مرۆڤی باڵامان پێ دەناسێنێ. ئەو تەنیاییەی شاعیر تووشی بووە، پێویستی بە کەسی دووەمی قسەکەرە کە ببێت بە سێبەرێك و شوێنی شاعیر بکەوێ، بەڵام شاعیر نایەوێت سێبەرەکەی هی خۆی بێت یان هی هیچ مرۆڤێکی تر، لەبەر خراپەی زۆری مرۆڤ، دەیەوێ سێبەرەکەی هی مۆبایلێك یاخود بەڵەیەك یاخود ئیسپانەیەك بێت. ئەوکاتەی نامۆبوونی مرۆڤ دەبێتە شتێکی ئاسایی، خود دێت لەنێو ئەو بازنەی نامۆییەدا، بە قەڵەمی وجود، وێنەی مردن و بە قەڵەمی مردن وێنەی ژیان دەکێشێ، تازە کە لە دیدگای ئەودا درەنگە بۆ ئەوەی فریادەسکی زەمینی بێت، ئەوا ئیتر دنیای زەمین چیتر دنیای هاتنی فریادەسکان نییە، بۆیە بەشێون کەسکی تر و دنیایەکی تر دەگەڵێت جگە لە زەوی و مرۆڤ کە لە تەنیایی دووری بخەنەوە، تەنیاییەك کە نەبێتە وێستگەی دابەزین لە نیشتمانی تەنیاییەکی باڵادا، بۆیە چون گەیدەیەك نمایشی خۆی دەکا!

پاژی دووەم: ستەمی مرۆڤ لە مرۆڤ و هاتنی خیانەت!

شاعیر درێژە بە ناساندنکی دیکەی مرۆڤ دەدا. ئەوەی مرۆڤ بە مرۆڤ دەناسێنێ، خودی مرۆڤە، بۆیە هەر ئەو خودە زۆرجار خیانەت لە بەهاکانی مرۆڤبوون دەکا و ناسنامە و پێناسەیەك بە مرۆڤ دەبەخشێ، کە هی مرۆڤ نییە، ئەگینا مرۆڤ بۆ دەبێت خیانەتکار بێت؟!

((جیهانی من جیهانی دیکەی زۆری تیایە
ماندوونابێت لە دروستکردنی بۆشایی
بەرلەوەی گەردوون بخنکێت
بەرلەوەی گەردوون بتوێتەوە.))

دۆزینەوەی دەرچەیەك کە شاعیر پەیوەست دەکا بە ئومێدەکەوە، لە دەرەنجامی ئەو گەشت و گەڕانە خۆرایەوەیە بە ناخی خۆیدا دەیکا، دۆزینەوەی جیهانێك لەنێو زیهن و ڕۆحی شاعیردا کە دابڕان لەو دنیایەی مرۆڤەکان ئاوێزانی بوون، باسیان کراوە، بۆیە دەیەوێت وەکو واقیع مامەڵە لەگەڵ دنیا تازە دۆزراوەکەی نێو ناخی بکا و وەکو خەیاڵ مامەڵە لەگەڵ دنیا هەبووەکەی دەرەوەی خۆی بکا، ئەگەرچی لە ڕووکەشدا دنیای دەرەوە دنیای واقیعە و دنیای ناوەوە دنیای خەیاڵ، وەڵێ هەمیشە حەقیقەت لە قۆناییدا بوونی هەیە نەك لە ڕووکەش و بۆشاییدا. ئەو بۆشاییە گەورەیەی خود دەرکی پێ دەکا، ئێستا گەردوونکی تر دێت و پێی دەکاتەوە، گەردوونێك لە ناخی ئەو خودەوە لە دایك دەبێت و تا سنووری ئاسمان ئیدامە بە وجودی خۆی

دەکا، بۆیە هێندە دڵنیایە لەو گەردوونەی ناخی، وەکو دنیای قەبووکراوی خۆی پێمانی دەناسێنێ نەك جیهانێك کە نەتوانرێ مامەڵەی لەگەڵ بکرێ.
بۆ دڵزینەوەی ئەو جیهانە، شاعیر دەیویست کەسێك ببێت بە هاوڕێی، ئێستا کە نائومێدە لە هاتنی ئەو کەسە، ناچار هانا بۆ خۆی دەبات و لەنێو قوڵاییەکانی خۆیدا بە تەنیا ئەو جیهانە دەدۆزێتەوە، کاتێك دەزانێ ئەو کەسەی قەراربوو هاوڕێی ئەو گەشتەی بێت و لەو شڕشەیدا لەگەڵی بێت، ئیتر نایەت. (نیتشە) بەردەوام (واگنەر)ی هاوڕێی کردبوو بەو کەسەی، لە بابەتی گەڵانی بەدوای حەقیقەتدا هاودەمی بێت، ئەگەرچی سەرەتا هەردووکیان لەژێر کاریگەری فەلسەفەی (شۆپنهاوەر) بوون، بەڵام کاتێك بارودۆخی (واگنەر)ی لە (بەیروت) بینی، زانی کە چیتر هاوڕێکەی ناتوانێ لەو شڕشە ئەخلاقییەی باسی دەکرد، هاوەدەمی بێت، بۆیە لە کاتی سەرەمەرگی (واگنەر)دا، (نیتشە) کتێبی (وەهای گوت زەردەشت)ی بۆ نووسی، بەڵام (واگنەر) فریا نەکەوت بیخوێنێتەوە، لە کاتی شتبوونیدا هێشتا (نیتشە) بە هاوڕێکەی دەگوت: ڕۆژانێك من ئەو پیاوەم خۆشدەویست. هاوڕێکەی چیتر نەبوو بە هاوەدەمی شڕشی.
ئێمە لێرە نامانەوێ دیدگای یەکێك لەم دووانە بسەپێنین بەسەر ئەوەی تردا، لەوەیە دیدگای ئێمە وەکو دیدگای سێیەم دەرکەوێ کە دەکەوێتە دەرەوەی هەردوو دیدگاکە، زیاتر مەبەستمانە جەخت لەسەر ئەو پەیوەندییە بکەینەوە، کەسێك دەبەستێتەوە بە دۆستەوە. ئەوکاتەی مرۆڤ لە هاوڕێکەی جیادەبێتەوە، ئەوا ووبەووی دووڕیانێکی دەکاتەوە، ئەگەر دنیایەکی پڕ ببەخشێ جوانتر لەو دنیای پشووتر بەیەکەوە کۆشاویانە، ئەوا کارێك دەکا دەکەوێتە نێو بازەی چاکەوە، خۆ ئەگەر کارێك بکا کە جێهێشتنی ئەو بە واتای خۆشاردنەوە و نەمانی بێت لای ئەو، ئەوا ئەو خۆشاردنەوەیە دەکەوێتە نێو بازنەی خراپەوە، بۆیە ئەو (دۆستە بکوژ)ە کە لە ووکەشدا وەکو فریادڕەس هات، ئێستا ڕۆڵی جەلاد دەبینێ.

((من تاکە مرۆڤم
پڕکەوە دۆست و دووژمن
دەبێت لە دەستیان ڕابکەم
من ئەو نەفرەتەم ئەی دۆ
ئەو نەفرەتە!))

لە پاژی یەکەمدا، لەبارەی ئەم پارچە شیعرەوە قسەمان کرد، دەتوانین لەم پاژەشدا لە ڕوانگەیەکی دیکەوە باسی بکەین. خیانەتی دۆست، ترسناکترین جۆری خیانەتە، خیانەتێك هێندە بە ئازارە، فریای ئەوە ناکەوین پارچە شکاوەکانی دڵمان کۆبکەینەوە، فریای ئەوە

ناکەوین بە دەست بێین: ئەی دوژمن بۆچی ئاوات کرد؟! فریای ئەوە ناکەوین دنیا بە بۆیەی سپی هەنگ بکەین و سەاو لە ئاشتی بکەین، چونکە هەمیشە خیانەتی دەست لە پشەوەی هەموو ئەو خیانەتانەیە، دنیا پێ دەکەن لە سەراب و زەرابەکانمان وەکو شەمەندەفەری جوانی و شەمشەمەکوێرە وەکو چلەکەی ئارامی پێ دەناسێنن، بۆیە بە ئازارترین جۆری خیانەت، خیانەتی دەستە بەرامبەر دەست، خیانەتی جوانییە بەرامبەری دێ!
(نیتشە) هەستی بە کاریگەری ئەو خۆبەکەمزانینە کردبوو کە هەندێ جار وا لە کەیلە دەکا، بەرامبەری گەورەکەی بوەستێتەوە و ببێتە ئەزگارکەری دنیا. مرۆڤی باڵا کە لەوپەڕی چاکە و خراپەیە(خیانەتیش وەکو دەخڵك لە خراپە)، گاڵتە بە هەموو تراژیدیایەك دەکا، هەوڵ دەدا منالەکەشی باڵا بێت، مرۆڤی باڵا ئامانجە نەك جۆری مرۆڤ، بۆیە ئەوانەی وەکو توخمڵك یاخود جۆرکی مرۆڤ لەبارەی مرۆڤی باڵاوە دەدوێن، نەیانتوانیوە لە جەوهەری ئەو مرۆڤ بگەن، بەکو سەرابڵك لە تێنەگەیشتن بەیان دەکەن، چونکە وەکو گوتمان: مرۆڤی باڵا ئامانجە نەك جۆری مرۆڤ، هەرکاتڵك مرۆڤی باڵا وەکو جۆری مرۆڤ بینرا، ئەوا لە حەقیقەتی ئەو ئامانجە کە مرۆڤی باڵایە، دوورەکەوینەوە.
دوورکەوتنەوە لە دەست لەبەر بوونی بەرژەوەندییەك کە لەنێو هەناسەی دەستکی تردا دەستەکەوێ، خستنەڕووی تەرزکی دیکەی خیانەتە، ئەوە خیانەتە وا لە کەسڵك دەکا واز لە هەندڵك لە دەستانی بهێنێ لەبەر ئەوەی کاری ئەو لە ئێستادا سپاردەی کەسانڵك کراوە کە لە جنسی جوانی نین، چونکە ناکرێ کەسڵك جوان بێت و ببێتە بەشڵك لە خیانەتی کەسڵك بەرامبەر کەسکی تر. ئەو دنیا پێ لە خیانەتە کە شاعیر باسی دەکا، درێژدەبێتەوە تا سنووری گەیشتن بە خیانەتکی گەورەتر کە خیانەتی خودە بەرامبەر خود خۆی، واتە ئەوکاتەی ئەو خودە نائومێد دەبێت خیانەت لەوانی تر بکا و دەسەاتی ئەوەی نییە وەها خیانەتڵك بکا، ناچار خیانەت لە خودی خۆی دەکا و دەبێتە خائینکی ئەبەدی کە تا کۆتایی ئەو خودە، خیانەتی خود ئیدامە پێدەدا.

پاژی سێیەم: خود لەنێوان ئاگر و جیهاندا
وەکو لە پاژی یەکەم و دووەمدا باسی ئەو نائومێدییە مەزنەمان کرد کە شاعیر باسی کرد و بە خیانەت کۆتایی پێهێنا، ئێستا وێنایەك لە جیهانی ئاگرین دێتە پێشەوە کە خود بەرەو ئاگرستانی ڕۆح دەبا و وای لێدەکا پرسیار لەبارەی ئەو جیهانە پێ لە ئازارەوە بکا، خۆی تیادا دەبینێتەوە و نمایشی ڕۆحی خۆی تیادا دەکا.

((هەبکە ئەی هەوای ناو سەرم
جیهان بخەرە ترسەوە
وەك دڵی من کە گڕ دەخوات
لە تاو سەرك کە ئاگرە))
ئەو هەوایەی شاعیر باسی دەکا، دەبێت کوژێنەرەوەی ئەو جیهانە ترساو و دڵە گڕگرتووەی کە ئاگر ناسنامەیەتی، ناسنامەی گڕ کە بە زمانی ئاگر گوزارشت لە سووتانی خود دەکا و هاوساکانی تەنیایی بە فڕچەی نائومێدی دەکێشێ و ئازارەکان لە پەنجەرەی ئاوەوە هەڵدەداتە ناو کانیاوی نائومێدییەوە، بۆیە مەسەلەی بوونی سەرك لە ئاگر دەبێتە چەقی باس و نازانرێ چۆن شاعیر لە سیاقی ئەو دڵە پڕ لە گڕە ڕزگاربکرێ مەگەر بە هاتنی ئەو هەوا فێنك و کوژێنەرەوەیەی کە لە سەری شاعیرەوە سەرچاوە دەگرێ و دەبێتە پاڵدەشتی کوژاندنەوەی ئەو ئاگرەی هەموو وجدی شاعیری خستۆتە بەردەمی گریمانەی ئاگر و سووتانەوە، دەستەکانی شاعیری خستۆتە بەردەمی دەرگای فڕین و کەوتنەوە، ڕاحی شاعیری خستۆتە بەردەمی ئەستانەی تەنیایی و مردنەوە.
ئەوەی لە شیعرەکەدا دەبینرێ، جۆرێك لە بەزەییهاتنەوەیەێ بە خود. (نیتشە) بەزەییهاتنەوەی دەخستە نێو چوارچێوەی خراپەوە، چونکە پێیوابوو ئەوکاتەی تۆ بەزەییت بە من دێتەوە، لەبەر ئەوە نییە منت خۆشدەوێ، بەڵکو بۆ ئەوە بەزەییت بە من دێتەوە، تا ئەو ترسە لە خۆت دووربخەیتەوە و ئەوەی بەسەر من هاتووە، وای نیشان بدەی کە ترسێك نییە ڕووبەڕووی تۆ ببێتەوە، ئەمەش وا دەکا بەزەییت بە من بێتەوە تا ترسی ئەوە لەخۆت دووربخەیتەوە، ئەو شتەی بەسەر من هاتووە، بەسەر تۆش بێت. لای (نیتشە)، ئازار مرۆڤ بەهێز دەکا و پێویستییە، بۆیە بەزەیی بە چوارچێوەی خراپەوە دەبەستەوە، لەو پارچە شیعری خوارەوە زیاتر قسە لەسەر ئەم بابەتە دەکەین.
کاتێ مرۆڤ بەزەیی بە ئەوی تردا دێتەوە، بەچوونی جیاواز لەبارەی ئەو بەزەییەوە دروست دەبێت، بەڵام ئەی بەزەییهاتنەوەێ بە خود واتای چییە، مرۆڤ کاتێ بەزەیی بە خۆی دێتەوە نیشانەی چییە؟! نیشانەی بەهێزییەتی یاخود نیشانەی ئەوەیە کە حەقیقەتێك کە لەنێو خوددا هەیە پێویستی بەوە هەیە بۆ ئەوانەی تریش دەربکەوێ؟. سەرچاوەی ئەو بەزەییە، ئازارێکە کە لەوانەی تریشەوە گەیشتووە بە خود. شاعیر لە دەرنجامی ئەو بەزەییە، خودێکی بەهێز نمایش دەکا، بەو واتایەی بەزەییهاتنەوە بە خود، وای نەکردووە شاعیر ببێتە کەسێکی بەهێز، بەڵکو سەرەڕای هەموو ئازار و نائومێدی و خیانەتێك، هێشتا بەدوای هەوایەك دەگەڕێ لەنێو سەری خۆیدا کە ئازارەکانی بەکۆتا بێنێت و خەمەکانی بکات بە ئاوازێك بۆ مانەوە و ژیان.

((پێشنیاز:
لە گەڵان و هەڵهاتن و کەوتن مەترسن..
بەیانی هەر وەکو ئێستایە
سەدان بەیانی دێت بەبێ دەنگی کەشەڕ
من زەرم دیون لەو بەیانییە بێمروەتانە
ئیتر خەم کاتێکم ناوڵێناوە بەیانی.))
لە کۆتایی گەشتەکەیدا، شاعیر دەیەوێ پێمان بڵێ کە لەو ژیانە ماندووکەرە، مادام هەموو شتەکان دووبارەن، کەواتە ئازارەکانیش دووبارەن، ئازاری دووبارەش شایانی ئەوە نییە لێی بترسی، بەکو دەبێت بە پەیەموچەی هیچ لەسەر کاغەزێکی لە هیچ وڵنای بکێشرێ، ترسانیش لە هەڵهاتن و کەوتن، لە کاتێکدا کە بەیانی هەر وەکو ئێستایە و کەشەڕێك نییە بقووقێنێ، ئیتر دەبەنگییە، بەکو دەبێت مرۆڤ خۆی کاتێك بدزێتەوە ناوی بنێ بەیانی و شەوێك بدزێتەوە ناوی بنێ شەو و ئابردووێك بدزێتەوە ناوی بنێ دونێ، مادام خەڵکی لە دەنگی کەشەڕ دەترسن، کەواتە هاتنی بەیانی بێ ئەو ترسنۆکانە سوودی نییە، وەکو دەگوترێ: بۆیە خەڵکی زیاتر حەز لە مریشك دەکەن نەك کەشەڕ، چونکە خەڵکی بەدوای ئەو شتەوەیە سکیان تێر دەکا، نەك ئەو شتەی خەبەریان دەکاتەوە.
وەکو گوتمان (نیتشە) بەردەوام لەگەڵ ئەو بۆچونە بوو کە ئازار مرۆڤ بەهێز دەکا، بۆیە مانەوەی ئازاری لەگەڵ مرۆڤ وەکو پێویستییەك، بە گەورە دەزانی، ئەو پێیوابوو مادام ئازار مرۆڤ بەهێز دەکا، کەواتە پێویستە ڕووبەڕووی ببینەوە، ئەمەش پێچەوانەی دیدگای (شۆپنهاوەر) بوو کە ئەمیان ئازاری وەکو پێویستییەك نەدەبینی، ئەگەرچی لە سەرەتادا (نیتشە) و (واگنەر)ی هاوڕێی هەردووکیان لەژێر کاریگەری دیدگا فەلسەفییەکانی (شۆپنهاوەر) بوون، بەڵام دواتر بابەت و تێڕوانینەکانیان دەبەنە نێو قاڵبێکی دیکەوە و لە کۆمەڵێك ڕوانگەوە بۆچوونەکانی (نیتشە) دژی بۆچوونەکانی (شۆپنهاوەر) دەوەستنەوە، یەکێك لەو مەسەلانە بابەتی ئازارە کە هەمیشە (نیتشە) پێیوابوو ئازار پێویستییە نەك سزایەك بێت تووشمان هاتبێت، بۆیە مرۆڤی بەهێز لەگەڵ ئازار دەجەنگێ.
شاعیر لەم شیعرەدا، ئازارەکانی دەبەستێتەوە بە عەقڵەوە. پێوندی نێوان عەقڵ و حەقیقەت پێوندییەکی سروشتییە و دەستکرد نییە، ئەو پێوندییە پێویستە بە بیرکردنەوە. دنیای عەقڵ لە حەقیقەت دگۆڕێ و دادوە، ئینجا ئەو حەقیقەتە لە شڤامی (وهمکان)دا پیاسە بکا یان لە شستەی (واقیع)دا، گرنگ حەقیقەتێك هەیە و واتا عەقییەکانی لە خۆیدا مەناس داوە، یان دکرێ بڵێین، عەقڵێك هەیە و ماناکانی حەقیقەتی لە خۆیدا مەناس داوە. دنیای عەقڵ، دنیای

وردبوونەوەیە لە واقیع و وەهم و دیار و نادیار و گشت و بەراوردکردنی ئەو گشتە لەگەڵ هیچ و درێژکردنەوەی کردارەکان تا ئاستی گەیشتن بە ئەنجام. ئەو کاتەی عەقڵ زۆرترین پرسیار لەدوای خۆیدا جێدەهێڵێ، سەلماندنی سەرکەوتنی عەقڵەکە ئاسان ناکەوێتەوە. بەشێك لە پرسیارەکان، هەڵگری وەڵامەکانن لەنێو خۆیاندا و بەشێکی تریان دەزگرەوەی پرسیاری زیاتر و بنیاتنەری وەڵامی زیاترن.

ئایا شاعیر لەم دەقەیدا پرسیارەکانی لە کوێوە سەرچاوە دەگرن؟

پرسیاری مرۆڤ بەرهەمی ونبوونی حەقیقەتێك یان شتێکە، دەشێ ئەو حەقیقەتە ونە بووبێ، بەڵام کەسی پرسیارکەر کە دوورە لەو حەقیقەتە یان لەو شتە، لە دەرەنجامی ونبوونی ئەو شتەی بەدوایدا دەگەڕێ، تووشی گومان هاتووە، بۆیە دەیەوێ لە ڕێگای پرسیارکردنەوە، ئەو گومانە لە خۆی دووربخاتەوە. پرسیارەکان دەست لە ملی وەڵامەکان ناکەن لە ئانی بوونی ناکۆکی فیکریدا, یانی کاتی ئاشتبوونەوەی پرسیار و وەڵامەکان پێویست نییە بە کۆشە فیکرییەکانەوە، لەوانەیە بوونی کۆشەی فیکری زیاتر، گومانی زیاتر و پرسیاری زیاتر دروست بکەن، بەڵام بە وەڵامی کەمترەوە .

ئەنجام:

(سەاو لە بیکەت)ی (داستان بەرزان)، هەوڵەکە بۆ دەرخستنی نهێنییە شاراوەکانی خود و دامایینی ئەو دیوە کرێت و دزێوەی هەمیشە وەکو جەوهەر نمایش کراوە. شاعیر گەڕەکیەتی نهێنییەکان ئاشکرا بکا، نهێنییە خودییەکان کە ئازاری هەمیشەیین و هاوزەمان لەخۆگری ئەو پرسیارە گەورانەن، مرۆڤ دەیەوێ نمایشیان بکا و بیانکاتە کەرەستەیەك بۆ خزانە نێو باوەشی ئاسوودەیی و حەقیقەتی زیندەگی، حەقیقەتێك بە هەمان فۆچەی ئەو وەهمە نەخشێنراوە کە کراوە بە هۆکاری مانەوە و بوون، بوونێك کە وەهمە و درێیەکی دیکەی ژیانە، بۆ ڕزگاربوون لەو درێ گەورەیە کە ناوی ژیانە، شاعیر وزەی زیاتر کەدەکاتەوە، لەڕێگای ناسینی زیاتری خود و ئەوی تر و گەردوون و خودا.

سەرنج:

ئەو شیعرەی کاك (داستان بەرزان)، لە ژمارە (321)ی گۆڤاری (ڕامان) بڵاوبۆتەوە، بۆ خوێندنەوەی تەواوی شیعرەکە، دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ گۆڤارەکە.

پەراوێزەکان:

(1) فەیلەسوفێکی ئەڵمانییە کە (وەهای گوت زەردەشت) لە دیارترین کتێبەکانیەتی، لە چوار بەش پێك هاتووە، بە دەربڕینێکی شاعیرانە

نووسراوە. (نیتشە) لەم کتێبەدا، هەوڵی تێکشکاندنی خاچیدا. کورتەی کتێبەکە ئەوەیە کە (زەردەشت) دوای دە ساڵ گۆشەگیری، لە ئەشکەوت دێتە دەرەوە.
(2) فەیلەسوفێکی ئەڵمانییە، پێیوابوو ئەوەی کە لەم ژینە فەرمانەوایی دەکا، عەقڵ نییە، بەڵکو ئیرادەیەکی وەحشییە کە عەقڵ بەکاردەهێنێ بۆ گشت مەبەستە هەشەکانی خۆی، ئەو ئیرادەیە ڕیشەی بوونە و هەموو نەهامەتییەکانی ژیان، لەوەوە سەرچاوە دەگرن. ئایدیالیستی تەواو نەبوو، هیچ کەس وەکو ئەو هەخنەی لە مەتریالیزم نەگرتووە. ئیرادە پەیوەست نییە بە کات و شوێنەوە، واتە خودی هەبوونە و لە دەرەوەی کات و شوێنە، کەواتە تاك و تەنیایە. هەرچەند پلەی بوونەوەر نزم بێت، ئیرادە هێندەی تر زاڵە بەسەر بوونیدا، بۆیە کرداری ئاژەڵەکان، هەمووی ئیرادەیە، کرداری مرۆڤەکان هەندێکی پێچراوە بە عەقڵەوە، تەنیا کرداری مرۆڤە بەرزەکانە کە زیاتر لەسەر بنەمای عەقڵە نەك ئیرادە.
(3) لە ئەڵمانیا لە دژی پاپا شۆشی کرد و چەندین چاکسازی دروست کرد کە بووە هۆی دروستبوونی ئایینی پڕۆتستانت. جەختی لەسەر وازهێنان لە گۆشەگیری کردەوە. زەواج لە مەسیحیەتی ڕاستەقینەدا جگە لە گونجانێکی سەپێنراوی مرۆڤ لەگەڵ سروشتە تاوانبارەکەی خۆی، زیاتر نییە، بەڵام مارتن لۆتەر هاوسەرگیری بە جوان و پیرۆز دانا.

سەرچاوەکان.

1: سێاو لە بیکەت، داستان بەرزان، ژمارە (321)ی گۆڤاری ڕامان.
2: چیرۆکی ئایینەکان، سلێمان مەزهەر، و: لوقمان حاجی قادر
3: فەلسەفە بۆ ئەوکەسەی دەیەوێت، د. نەبیل عبدالحمید عبدالجبار، و: هاوار محەمەد ڕەشید
4: سەفەر بەرەو منارەی بە کەشتیی گەورەبوون، بۆند باجەلان، ژمارە (69-70)ی گۆڤاری گەلاوێژی نوێ.
5: فەلسەفە و ژیان، فاروق ڕەفیق، سلێمانی، 2009

کورتەچیرۆک: ئاوارە.. نووسینی:

ئامانج شەروانی

سەیرکی بنمیچە کونکونەکەی ڕەشماڵەکەی کرد، ئەفەکی کرد، سەرنجەکی هیسی لالە شووشە تەنیاوییەکەی دا، ئاخەکی هەڵکەشا. ئەژنۆ ڕەشەکانی ژیانی خەی بیر دەهاتەوە. ئەم ئەژنۆی کوتەوە بیری کە لەپەش دەرگای ژووری بەڕێوەبەری فڕۆکەیان وەستابوو، مامەستا پەستاو لەپەیە، ورگنەکەی بەردەمی لەی دەخوەیەوە و دەم نا دەمیش پەلاقەیەکی بەهەزی دەخواند، گوایە دوو وشەی کوردی لە دەم هاتبووە دەرەوە.
قسەکەی باپیرەی کوتەوە یادی، کە ئەویش لە باپیری خەیەوە بیستبووی، کە ئەوان لە نەوەی سەرکردەی قارەمان شەرکەی مامی سەڵاحەددین بوون، لە دەستی دەندەیی مەمالیکە تورکەکان لە قاهیرەوە لە سەرەتای سەدەی چواردە بەرەو گوندکی نزیک کەبانە سەریان هەڵگرتبوو. کەچی هەتاوەکوو ئێستاش عەرەبە گەیدەکانی ئەوە پێیان دەگوتن ئەوە بگانن و ئەرە وەاتی ئەوە نییە!
دایکی دەیگەڕایەوە، کە ماڵباتی وان چەندین جاران لە لایەن تورکە عوسمانییە داگیرکەرەکان، لەم گوند بە ئەو گوند ئاگۆزرابوونەوە، چەندین جار ئاوارەی ئەم دە و ئەو دە کرابوون، بە بیانووی ئەوەی کە بە ڕەچەڵەک دەگەیشتنەوە سەر بەدرخانییە بەتانییەکان و بوونیان هەڕەشەیە بە سەر یەکەتیی خاکی پیرەزی عوسمانی.
هێشتا بەهاری شانزەهەمی تەمەنی نەبینیبوو، شەو چەند ساڵێک بوو هەڵگیرسابوو، لەگەڵ برا گەورەکەی، لە گوندکی نزیک کەبانە، لە دژی دەندەیەکانی داعش لە سەنگەر بوو، لەم ئەژنۆ ڕەشەی کە دەندە ئیسلامییە داعشییەکان وەکوو جەوجانەوەر ئەم ناوەیان پێ کردبووەوە. وەکوو خووی هەمیشەیان، لەم سەربەین بە ئەو پەلەبەین دەیشتن. هەر لەوە لاقەکی ویان قرتاندبوو، هەر لەپەش چاوەکانیشی سەری تاقە برایەکیان بەیبوو. ئاخ چ ئەژگارەکی ڕەش بوو.
چەند حەفتەیەکی بەم شەوەیە، بە لاقەکی قرتاوی تیمار نەکراو، لە ژێرزەمینەکی شەداری تاریک، بەسەر بردبوو. چ ئاواتەکی بەم ژیانە نەمابوو، ئارام ئارام لە چاوەڕوانی مەرگدا بوو. ئەمە بوو ئەژنۆک، سەر لە بەیانی زوو، لەگەڵ یەکەم تیشکی ئاسە، لەبری مەرگ، چەند شەڤانکی کوردی دڵێر بەژوورە کەوتن، لەم مردنە مسگەرە قوتاریان کرد، دەستبەجێش ڕەوانەی نەخۆشخانەی سەرکیی عەفرینیان کرد.
سەر لە بەیانییەک، تازە لە نەخۆشخانە دەرچووبوو، لەگەڵ ماستەک لەبەر دەمی و پارچە نانکیش بە دەستییەوە، بیری لە برایە جوانەمەرگەکەی دەکردەوە، بیری لەم ئەژانە دەکردەوە کە بەیەکەوە لە ڕەگای فڕۆکە، یان بە دەم یاری کردنەوە، باسی داهاتووی خەیان

دەکرد، باسی خۆنەکانیان دەکرد. لە ناکاو، حریت و حەری جەندرمە تورکە تووڕانیەکان، ئەڤینداهوئەکبەری تیرۆریستە عەرەبە ئیسلامیەکان ئۆیان هاچەکاند. بەرچاوانی هەش بوو، دەنگ و تڕاتێنیان هەر لە هی داعشکان دەچوو. هەتا ئێستاش داخی ئۆو هەژەی لە دە دڕنەچووە، هەتا ئێستاش جەگەی فرمێسکەکانی وشک نەبووەتەوە.
چەند ساڵێک لە کامپەکی نزیک حەلەب، لە هەشماڵەکی کونکونی سارد، لەگەڵ چەند سەد کوردەکی تر، لەژێر لەزمەی باران، لەبەر تینی بەهەزی هەتاوی هاوینان، ئاوارەی ئەم دەشت و دڕێن. هەموو هەژێکیان بە ئومێدی گەیانەوە بە شارەکەی خۆیان، گوندەکەی خۆیان، زێدی باوباپیرانیان دەکەنەوە، هەموو شۆکیان بە هیوای دیدەنیی ئازیزانیان بەسەر دەبەن. ئاخ بە دەنگی هەناسەی نانە گیان، ئاخ بە چایە گەرمەکەی دەستی دایی، ئاخ بە چیرۆک و بەسەرهاتە خۆشەکانی باپیرە. ئاخە دەبەت ئەم هەژانە بنەوە، ئاخە دەبەت جارێکی تر چاوی بە دایک و باوکە پەککەوتووەکەیی، خوشکە بچکۆلانەکەی، دایە گەورە و باوە گەورە دەسزەکەی بکەوێتەوە.
هەر لەنۆو گەڕاوی ئەم بیرکردنەوانە بوو، گوێی لە دەنگی هاوەڵەکانی جەندرمە تورکە عوسمانییەکان، تیرۆریستە عەرەبە ئیسلامییەکانی تەحریرولشام بوو، دەنگی زیەی مندااڵەکان، قیژەی دایکەکان، ناڵەی باوکەکان ئەم ناوەیان پێ کردەوە. پێش ئۆوەی بتوانێت لە شۆنی خۆی هەڵبستێتەوە، شمشێرێکی ژەهراویی بە ملی داهێنرا و ئاڵایەکی خوێناویی تورکییان لەسەر لاشەکەی چەقاند.

ڕاڤەی وشەکان:
هیس: دووکەڵی ئاگر
لاڵ: چرا
تێنی: واتە ئۆو تێنە هەڵشانەی کە لە ئێنجامی سووتان دروست دەبن،
تێنیاوی: واتە شتێکی بە تێنی هووپشکراو.

کورد چۆن بەرگری لە خۆی بکات

لێ بڕامبەر زوڵم و ستەمی دەوڵەتی تورکیا.. وهاب شاڵە محمد

کورد دەتوانێت لە ئاوەتەیەک لە ستراتیژی سیاسی و دیپلۆماسی و یاسایی بۆ بەرگریکردن لە خۆی لە بڕامبەر زوڵم و ستەمی دەوڵەتی تورکیا لە ئاستی نێودەوڵەتیدا کەڵک وەربگرێت. لێرەدا چەند ڕێگەیەکی ئێگەری دەخەینەروو:

1. ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و پرسەی یاسایی ئاپۆرتکردنی تاوانکاران بۆ دادگا نێودەوڵەتییەکان: ئێگەر بڕێگەی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ هەبێت، دەتوانرێت دەسپێکان بخرێنە بەردەم دادگا نێودەوڵەتییەکانی وەک دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکان (ICC) یان دادگای مافی مرۆڤی ئەورووپا (ECHR). هاوکاری لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان: ڕێکخراوە کوردییەکان دەتوانن ئەو پرسە لە ئەرگانەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان وەک ئەنجومەنی مافی مرۆڤ یان ئەنجومەنی ئاسایش وروژێنن و پێشێلکارییەکان وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی بڕێگەدار بکەن. لەبیکردن بۆ گەمارۆکان: هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی سزای نێودەوڵەتی دژی تورکیا، بەتایبەتی لەسەر بابەتەکانی پەیوەست بۆ گۆشەگیری نەتەوەیی و تاوانکاری جەنگ.
2. دیپلۆماسی و هاوپەیمانی هاوپەیمانی لەگەڵ دەوڵەتانی تر: کورد دەتوانێت داوای پشتیوانی لەو وڵاتانە بکات کە لە مێژوودا بەرژەوەندییان لە مافەکانی مرۆڤ نیشانداوە یان بەرژەوەندی ستراتیژییان لە ناوچەکەدا هەیە. بەهێزکردنی نوێنەرایەتی: دامەزراندنی نوێنەرایەتی لە کەنەدا و شارە نێودەوڵەتییەکان (هاوشێوەی ڕێکخراوی دەسەڵاتی فەلەستین) بۆ بنیاتنانی پشتیوانی سیاسی. هاوپەیمانی لەگەڵ گروپە چەوساوەکانی تر: هاوکاری لەگەڵ بزووتنەوە قەومی یان سیاسییەکانی تر کە بەهەمان شێوە لەژێر سیاسەتەکانی تورکیادا ئازار دەچێژن، بۆ زیادکردنی فشارکان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا.
3. پێکهێنانی بیروڕا و میدیا هۆشیاری نێودەوڵەتی: بەکارهێنانی

سۆشیال میدیا و دەیەمێنتاری و ئاپارت بۆ باوکردنەوەی زانیاری لەسەر ئەو زومە. ئاشکراکردنی خراپ بەکارهێنان لە هەڵگەی میدیای نوودەوەتی بەناوبانگەوە. نوێنەرایەتی فەرهەنگی: تیشک خستنە سەر کولتوور و مۆژووی کورد بە بنیاتنانی هاوسۆزی لەگەڵ کەمەڵگەی نوودەوەتی. توێژینەوەی ئەکادیمی و سیاسەت: پشتگیری لە توێژینەوە و ئاپارتکان لەسەر ستەم کە دەتوانێت کاریگەری لەسەر بڕیاردەران هەبێت لەسەر ئاستی جیهانی.

4. پاپشتی کەمەڵگای مەدەنی هەڵکخراوەکانی مافی مرۆڤ: لەگەڵ هەڵکخراوە نوودەوەتییەکانی وەک ئەمنستی ئینتەرناشناڵ و هیومان ڕایتس وۆچ کاردەکەن بۆ بەهێزکردنی و ئاپارتکردنی پێشڵکارییەکان. ئای گشتی: بڕشداریکردنی گروپە چالاکوانە نوودەوەتییەکان و داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ بۆ فشارخستنە سەر حکومەتەکان بۆ ئەوەی کاربکەن. هەوڵەند: کۆکردنەوەی هەوڵەندی کوردی لە ئەورووپا و ئەمریکای باکوور بۆ کاریگەری لەسەر سیاسەت لە وڵاتەکانیان.

5. فشارۆ ئابووری و سیاسییەکان بایکۆتی ئابووری: هاندانی سزای ئابووری و بایکۆتی کاڵا و خزمەتگوزارییەکانی تورکیا وەک ئامرازێک بۆ فشارخستنە سەر حکومەت. هاندانی بارودۆخی بازرگانی دادپەروەرانە: کاریگەری لەسەر کەمپانیا نوودەوەتییەکان بۆ ئەوەی وەبەرهێنان لەو ناوچانە نەکەن کە ستەم لە خراپترین ئاستیدایە.

6. بنیاتنانی ئەتەنامی و شەرعیەت پەرەپێدانی ناوچە ئەتەنامەکان: لەو ناوچانەی کە کورد لە ژێر دەسەڵاتیدایە (بە نموونە لە ڕۆژاڤا)، بە پێشخستنی دیموکراسی و یەکسانی و سەقامگیری سەرکەوتن لە خەباتەوە بەریدا نیشان بدە. ئەمەش دەتوانێت پشتیوانی نوودەوەتی دروست بکات. بەدواداچوون بە دانپێدانان: کارکردن بۆ بەدەستهێنانی دانپێدانان بۆ ناوچەیان هەڵکخراوە سەربەخۆکانی کوردی وەک ئەکتەری شەرعی لە سیاسەتی نوودەوەتیدا.

ئەنجام

کورد پێویستی بە کۆمەک وەرگرتن لە تەکنەلۆژیک لە هاوکاری ستراتیژی و داکۆکی و ئامرازی یاسایی بۆ زیادکردنی پشتیوانی نوودەوەتی. ئامانجێکی درێژخایەن دەتوانێ دروستکردنی یەکێیزی بێت لە نێوان گروپە kجیاوازەکانی کورد و دامەزراندنی ئەجێندایەکی هاوون بۆ چارەسەرێکی نەتەوەیی ستەم لە ئاستی جیهانیدا.

نوسینی/وهاب شاە محمد

منداەیت بەرم نادا.. مەولود ئیبراهیم حەسەن

-تکایە منداەیەتی خەتان بپارێزن.

(١)
من بەخشەویستی تەو
لەدایک بووم
ناوکم بڕا
چاوم بە خشەویستی تەو
کرایەو
بەشیری خشەویستی تەو
مەمکدرام
دارە دارەمکرد
بەخشەویستی تەو
زارم پڕا
کەوتمە سەرپێ
بە خشەویستی تەو
لە دایک بووم
لە وەاتی خشەویستی تەو
گەورە بووم
لە نەو خشەویستی تشدا
دەمرم

(٢)
لە هەموو گەڕێک
تەنیا من و تە
زەر بە منداەی
یەکترمان خشدەویست

خ□□ک□ک□ ه□موو
ب□ سوک س□یریان د□کردین
ئ□ستاش
ت□ن□گ□یشتم
خ□ش□ویستی ب□چی سوکای□تی□

(٣)
زو□ف□کانت
و□ک تیر□ ماری □□ش
ب□ ن□و پ□نج□کانم دا خزین
چ جوان و پ□ ترس بوو
□□یشتن□ک□ت

(٤)
ب□ منداﻟ□ی
باو□شم
پ□ ل□ گ□رمایی
کورت□ خ□وی ت□ بوو
ئ□ی ژن
ئ□ستا ب□فریش د□بار□
من ه□ر ت□م ل□ باو□ش□

(٥)
ب□ گ□□ان□و□ی چی□□کی
ش□□و ئاشتبوون□و□ی منداﻟ□یمان
خ□وم ل□ک□وت
و□ر□
ب□ قژ□اک□شان□کانی گ□نجی
خ□ب□رم ک□و□

(٦)
ئ□و خواردن□ سادە□ی
جاری ی□ک□م
پ□ک□و□ خواردمان
چ□ندین سا□□
ل□ ناگ□□□ برسیبم
نانخواردن ل□ گ□□ ت□
چ□ند ئابووری□

(۷)
کە منداڵ بووی
یەکەمجار
لێنەگەڕای ماچت کەم
هەموو ماچەکانی گەنجیمان
تەڕای ئەو ماچەی
بە نەکردووەتەوە

(۸)
بەیار بوو پێکەوە
بچینە دەرەوە
گەیشمە بەر دەرگا
گوتت
دایکم لێناگەڕێ
ئێستاش
هەر جارەکی دەڵێی دایکم
وادەزانم لێناگەڕێ

(۹)
سەوی نەگەییوی
حەوشەکەتانمان لێکردەوە
دایکت هاواری کرد
لێگەڕێن
با گەورەبێت
چ خۆش بوو
گەورە نەبووباین

(۱۰)
بە منداڵی نەمزانی
بووکە شووشەیەکی تەم شکاند
بە پیری
تەڕای خەت کردەوە
دەت شاکاندم

(۱۱)
کە منداڵ بووین
زۆر دەترساین
خەڵک پێکەوە بمانبەستن

بۆ گەنجی چەند دڵخۆش بووین
کە بە یەکەوە دەبینراین

(١٢)
بۆ منداڵی
من پایزم خۆشدەوێست
تۆ بەهار
ئێستا تۆ
پایزت خۆشدەوێ
من بەهار
لەو ساڵی تەمەن وەرز لێکدابڕاوە
کەی پێکدەگەین

(١٣)
هەموو ئێواران
کە لێکدادەبڕاین
غارم دەدا
بەرەو پێکگەیشتنی بەیانی
کەی پێکدەگەین
ئێستا
کە ناتوانم غاربدەم

(١٤)
کە منداڵ بووین
من تەنیا بەرەنگی چاوەکانت
تەم دەناسیەوە
چەنت بناسمەوە
ئێستا
کە هەموو دەستە خوشکەکانیشت
چاویلکەیان لە چاو کردووە

(١٥)
منداڵیت بەرم نادا
تۆ هەمیشە
تووڕەو بەناز بووی
ئێستاش
من بەم پیریە
بەردەوام

بیبەر و هەنگوین دەخەم

(١٦)
منداڵ بووین
کە شەماڵان دەکرد
کەس نەبوو
ئاشتمان کاتەوە
بەم پیرییە
زەر کەس هەن
لەکمان دەکەن

(١٧)
کە منداڵ بووم
لەسەری کەڵان
چاوەڕێم دەکردی
تا دەهاتی
دەتوامەوە
کە دەهاتی
دەژیامەوە

(١٨)
بە منداڵی
کە پەدەکەنیت
گەڵک گوڵ دایدەپۆشی
کە تووڕە دەبووی
وەات دەکەوتە ڕەشپۆشی

(١٩)
منداڵ بووم
حەزم دەکرد
هەموو منداڵانی گەڵک
کوڕ بن
نەوەک تۆ ببینن
ئێستا حەز دەکەم
چاوی هەموو
گەنجانی وەات هی من بێت
تەنیا
بە بینینی تۆ

(٢٠)
بە منداڵی
ناوی تۆ
کانیی هەڵقوڵێنی
هەموو جوانیەکانی ژیان بوو
ئێستا
چاوی تۆ
پەنجەرەی
بینینی دوا هەڤێ

(٢١)
بە منداڵی
یەکەمجار
ویستم دەستت بگرم
هەموو گیانم کەوتە لەرزین
ئێستا
لەرزینی پیری لەناگەڵم

(٢٢)
کە منداڵ بووین
لە سایەی عەشقەوە
هەموو وەڵات
هی ئێمە بوو
ئێستا پیر بووین
ژوورەکمان دەسنا کەوە

(٢٣)
ئێستاش
بەم پیرییەوە
هەرجارەکی
دەچمەوە گەڕەکی منداڵی
تەمەن لە بیردەکەم
بە دوای خانووە
کۆنەکەتان دا دەگەڕێم

(٢٤)
لە قوتابخانە
هەموو جارە

پارچە کاغەزێکت دەخستە
نێو جانتاکەم
لەی نووسرابوو خۆشم دەوێی
ئێستاش
بەم خانەنشینیە
لە نێو هەموو جانتکانم
بەدوای ئەم پارچە کاغەزە دا دەگەڕام

(٢٥)
ئەلف و بێی نووسینم
لە بیرکردووە
کەس و کاری خۆم
ناناسمەوە
ناوی خۆشم
لە بیر چووەتەوە
لە وەڵامی هەموو پرسیارەکا
دەڵێم پەری

(٢٦)
چومە لای دکتۆر
بۆ چارەسەری
گووتی کوێت دەشی؟
گوتم پەری
گووتی هەی چیە؟
گوتم پەری
گووتی لە کوێوە؟
گوتم پەری
گووتی لەگەڵ کێ؟
گوتم پەری
دکتۆر گوتی
خەرفاوە

(٢٧)
ڕۆژی یەکەمی
چوونە قوتابخانەمان
گوڵکت پێدام
خستمە نێو کتێبی ئەلف و بێوە
ئێستاش

بەم پیریەوە
هەر کتێبێکم دەستکەوێ
بەدوای ئەم گوڵی دیاری
منداڵیە دا دەگەڕێم

(٢٨)
لە تاقیکردنەوەی بیرکاری
هەردووکمان
نمرەی تەواومان وەردەگرت
ئێستا
پیر بووم
یەک و یەکم بە کە ناکرێتەوە
وەرە بەم پیریە
هەردووکمان ببین بە یەک

(٢٩)
لە قوتابخانە فڕیان کردین
پێویستە مامۆستا و
دایک و باوکمان خۆشبووە
خوێندنمان تەواوکرد
کەس پێی نەگوتین
پێویستە
یەکترتان خۆش بووە

(٣٠)
لە قوتابخانە
لە وانەی ئایین
فڕیان کردین
هەموومان دواجار دەمرین
گۆڕە بووین
کەس پێت نەگوتین
ئێستا
پێویستە یەکترتان خۆشبوێ

(٣١)
ڕۆژێکی زۆر سارد بوو
لە قوتابخانە هاتینە دەرەوە
بەرگەمان نەگرت

یەکترمان گرتە باوەش
بەم پیرییەش
هەر جارە کە تۆ دێیت
حەزدەکەم دار و بەرد بیبەستە

(٣٢)
نەورۆز بوو
ئاگرمان کردەوە
پۆلیس دوامان کەوت
لە ترسا خۆت خستە باوەشم
ئێستاش
کە پۆلیس دەبینم
وا دەزانم نەورۆزە

(٣٣)
منداڵیت بەرم نادا
ئێستاش
بەم سەری سپی و
و چاوی کز و
دەستی لەرزۆک و خانەنشینیمەوە
بۆیانیان
جانتاکەم هەڵدەگرم و
ڕێی قوتابخانە دەگرمەبەر
چاو لە تۆ دەگەڕێم
هەر کچێک دەبینم
دەڵێم بۆیانی باش پەری

(٣٤)
لە خانەی پیران
هەموو هاوتەمەنەکانم
گاڵتەم پێدەکەن و لێم بەزارن
دەڵێن چ پەری پەریتە
چەند هەست بە تەنیایی دەکەم
هاوپیرییەکی
خاوەن پەریم نییە

(٣٥)
ئەو ڕۆژەی گوتیان دەتگوزنەوە

بۆ کەسێکی تر
من ژوورێکم ئازاندۆ
جلی زاواییم کردۆ بەرو
بەنی زاوایەتیم لێ خۆم دا
ئێستاش
ئەو ژوورە هەر ئازاوەتۆ
جلی زاواییەکەم هەرماوە
ئەو بەنی زاوایەتیە
هێشتا بۆی نەدوام

(٣٦)
منداڵیت بۆیندداوم
من هیچ گۆرە نەبوویم
گ□□ک، شار
هیچ نەگ□□اون
هێشتا سەردەمی پاشایەتیە
ساڵی یەکەمی قوتابخانەمانە
چ خۆشە
هەردووکمان
فێر بووین
ناوی یەکتر بنووسین

(٣٧)
لەسەر سەرینی مەرگم
دکتۆر دەپرسێ چەنی؟
د□□م پڕی باشە
دکتۆر پڕی کێیە؟
پڕی منم!
دکتۆر تۆ پیاوی
پڕی ناوی ژنانە
من پڕیم
دکتۆر خراپ تێکچووە!

(٣٨)
لە بیرتە
لە □□ی قوتابخانە
لە نێوان (کوران) و (ئازادی)
پ□□اوەکانمان لە نێو قوڕ بەجێدەمان

من ئێستاش
دەم لەو بەجێماوە

(٣٩)
شەو بوو
گوتت هەموو ئەم ئێستێرانە
هیمنن
گوتم من زۆرترم هەیە
گوتت چۆن
گوتم تۆ و ئێستێرەکان
پێکەنیت
گوتت شەیتان

(٤٠)
دڵترسم
ئێستا نەمناسیتەوە
هەموو شتێک لە من گۆڕاوە
چاو نەبەت
دڵترسم نەتناسمەوە
ئێستا
هەموو شتێک لە تۆ گۆڕاوە
چاو نەبەت
گرنگ ئەوەیە
چاوم بەچاوت بکەوێتەوە

(٤١)
تکایە
ئەگەر مامۆستا لێی پرسی
سێ جاران سێ دەکاتە چەند؟
نەکەی بڵێی دەکاتە نۆ
من ژمارە نایە
زۆر دڵترسم
لە نێ ساڵیدا بتدەن بە شوو

(٤٢)
گەنجەکان
لەمەم دەکەن
دڵێن بەم پیری و سەری سپی و

خانەنشینیەوە
شیعری منداڵانە دەنووسی
گەنجەکان
نازانن سبەینێ
کە دەچنە تەمەنەوە
ئەوانیش
حەزدەکەن ببنەوە منداڵ

(٤٣)
هەژار بووین
هەردووکمان
پێکەوە
لەفەیەک و ساردییەکمان کەی
قەپەک تۆ
قومەک من
قومەک تۆ
قەپەک من
ئەمە یەکەمین دوو منداڵ بووین
لە سایەی خۆشەویستیەوە
یاسای وەک یەکییمان جێ بەجێکرد

(٤٤)
بانگەشەی هەڵبژاردن گەرمە
بە ژمارە
بە لیست
بە حزب
بە کەمیسەنی باڵای هەڵبژاردن
بە کارت
بە ڕەژی دیاری کراو
بە پەنجە مۆرکردن
من بە هەمیشە
تە هەڵدەبژێرم تۆ

(٤٥)
ڕەنگەکانیان هەمووی داگیر کردووە
زەرد و
سەوز و
سوور و شین و مۆر و.. زۆر

ئەم بە ڕەنگ و بۆ ناو و بۆ نیشانین
بۆ هەردووکمان
یەک نیشانەمان هەیە
ئەویش بۆ نیشانییە

(٤٦)
دایکم زۆرجار دەیگوت
واز لەم کچە بهێنە
کوڕم خۆریکی دەرسەکانتبە
دەمگوت دایە
ئەو کچەش دەرسە
دەرسی چی کوڕم؟
دەرسی عەشق
بۆ خوا ڕەحمەت
دوا ڕۆژی خۆت
بۆ قوربانی ئەم کچەتیوە دەکەی

(٤٧)
لە بیرتە گوڕم
کە منداڵ بووین
خۆڵەک پەکەوەیان دەبینین
دەیانگوت بۆ ڕەوشتن
ئێستا
هەر ئەو خۆڵەکە بەم پیریەوە
خۆریکی ئەو بۆ ڕەوشتێن

(٤٨)
دە وشکەکان
کە پەکەوەیان دەدیتین
بۆ منداڵی
زۆر چێڵەکی ناشیرینان
بۆ دروست دەکردین
ئێستا
هەر یەک چێڵەک ماوەتەوە
ئەم دووانە بۆ منداڵیش هەر
یەکتریان خۆشدەویست

(٤٩)

زەر جار
بە قسەی خەڵک
دارکاری کراوین
بە منداڵی
لەسەر یەکتر خۆشویستن
ئێستا
لە سایەی ئەو عەشقەوە
لە خانەی بەساڵاچووان
خەڵات و چەپکە گوڵی
کەنترین دوو خۆشەویستمان
پێشکەش دەکەن

(٥٠)
خەریکم سەفەر دەکەم
دەچمە هەندەران
بیستوومە لە هەندەرانی
ئەرە
هەندەران
چەند وڵات و
چەند شار و
چەند گەڵەک و
چەند ماڵ؟
تۆ لە نێو دڵی
کام ماڵمی؟

(٥١)
هەر لە منداڵیەوە
زەرم ئازار چێشت
بەدەست
خزم و
دەست و
نەناسەوە
هەموو شتەکم لە بیرکردووە
ئەگەر
خۆشویستی تۆ نەبا
خۆشم خەم نەدەناسیەوە

(٥٢)

منداڵ بووم
ئارازووم بوو
پارەم زەر بۆ
تا خۆش بژیم
جوان بپۆشم
گەنج بووم
ناوبانگم بۆ و
خەمی پۆ هەڵکۆشم
ئێستا
تەنیا خۆشویستی تەم بەسە

(٥٣)
بیستووەڵ
بەربژێرکراوی
بۆ پەرلەمان
نازانم سەر بۆ کام لیست و
لۆ کام بۆی
دنیایەڵ
ئەگەر دەرچووی
نۆکەی تۆش
ساڵ دوازدەی مانگ
هەموو هەژڵ
کراسێکی نوێ بکەی

(٥٤)
منداڵ بووین
خەیاڵمان زەر
دەوڵەمەند و
هەنگاوەڵنگ بوو
ئێستا پیر بووین
خەیاڵمان نەماوڵ
چاومان
بۆ ئاستەم
یەک هەنگ دەبینڵ
ئەویش هەنگی پەکەوتەیڵ

(٥٥)
منداڵ بووین و

هەموو جارێ
کتێبی کوردی تەم دەدزی
چ خۆش بوو
دەهاتیت و دەپاڵایتەوە
تا بتدەمەوە
ئێستا پیربووین و
تۆ دڵی منت دزیووە
بە پاڵانەوش نامدەیتەوە

(٥٦)
منداڵ بووین و
لە نێو لاپەڕەکانی
کتێبی کوردی
دوو داری دوورمان دەدی
لە ژێر ئەو دوو دارە
دوو منداڵی عاشق
ئێستا پیر بووین
نە کتێب ماوە و
نە دار دەبینین
تەنیا دوو عاشقی پیر

(٥٧)
سێبەرکە
لە سایەی خۆشەویستیمان
لە منداڵیەوە
شەوانی درێژمان لە خانەی پیران
پێ بووە
لە خەونی جوان جوان
ڕۆژانی کورتمان لە خانەی پیران
پێ بووە
لە گۆڕانەوەی خۆش خۆش
ئەمە وەک ئەو پیرانە نین
هەر زوو
بە یەکتر کوژانەوە

(٥٨)
سێبەرکە
ئەمە لە سایەی

ئەو عەشقە منداڵیەمان
لە خانەی پیران
هەموو کاتەکمان
وەک یەکەمین ژووانە
هەموو یەکتر بینینمان
یەکەمین یەکتر بینینە
هەموو شەوەکمان
شەوی یەکەمی
بووک و زاوایەتیمانە
هەموو بەیانیەکمان
یەکەمین بەیانی
شەوی یەکەمین پێکەوە بوونمانە

(٥٩)
زەرم لا سەیرە
ئەو ژن و مێردە پیرانە دەبینم
□□ژانە بەشە□ دەن
قسە پێک دە□□ن
لەک زویر دەبن
پێکنایەنەوە
کەچی ئێمە
شەو و □□ژ
مانگ و ساڵ
هەموو تەمەن بەشی
یەکتر خۆشویستنمان ناکات

(٦٠)
سەیرکە
چەن ئیدارەی
خانەی پیران
حەوشەکەی پێکردووە
لە گوڵی سوور
لەو □□ژەوە
کە بینیان
من هەموو بەیانیەک
گو□□کی سوور
پێشکەش بە تە دەکەم

(٦١)
سەیرکە
ئەمسا سەری سا
چیشت لێنەرەکەی خانەی پیران
تاکانەترین خەڵات و
سەیرترین خەڵاتی
بە من و تۆ بەخشی
بەهەی ئەوەی
تا ئێستا
داوای هیچ خواردنەکی
تایبەتمان نەکردووە
هیچ خواردنەکمان
نەتنەکردووتەوە
بە ئەمە
هەموو خواردنەکان
ئەو سارد و لەفەیەن
یەکەمین جار پەکەوە خواردمان

(٦٢)
سەیرکە
ئوتوو چەکەی
خانەی پیران
هەموو شتێ
جلەکانمان ئوتوو دەکات
خۆشویستیمان
لێناگەڕێ
جلی گەچراو بکەینە بەر

(٦٣)
دکتۆرەکەی
خانەی پیران سەرسامە
تا ئێستا
ئەمە لە سایەی
یەکتر خۆشویستنمانەوە
داوای
هیچ حەبەکی سەرێشە
هیچ حەبەکی

بەرزە خوێن
هیچ حەبەکی
خەولێنەکەوتنمان لێ نەکردووە

(٦٤)
تۆ دەزانی
هەموو ژن و مێردە پیرەکانی
خانەی پیران
دەمانبوغزێنن
لە بەرئەوەی بەردەوام
لە ئیدارەوە پەیان دەدەن
ئەوە بەچی
وەک ئەم دووانە
خەشویست و تەبا نین

(٦٥)
هەفتانە
لە خانەی پیران
مەلایەک دێت
قسەمان بۆ دەکات
قەشەیەک دێت
قسەمان بۆ دەکات
دەروونناسێک دێت
قسەمان بۆ دەکات
کەمەنناسێک دێت
قسەمان بۆ دەکات
هیچ ژن و مێردێک
گوێیان لێناگرن
من و تۆ
لە سایەی خەشویستیەوە
بەردەوام
قوتابی هەموانین

(٦٦)
لە بیرتە
لە خانەی پیران
ئەو شەوەی کارەبا بڕا
پیرەکان

خۆیان لێ نەدەکەوت
هاواریان دەکرد
بەرداغیان دەشکاند
من و تۆ
هەمن هەمن
لێ بڕدەم چرای خۆشەویستی
چیەکی خۆشەویستی خەمان
بێ یەکتر دەگەڕایەوە

(٦٧)
ئەو ژنە
لەکەڕەک ها تبوو
یەک یەک
لێ پیرەکانی دەپرسی
خۆشترین ژنەکانی ژیانت کامێ بوو؟
یەکێ دەیگوت
ژنانی منداڵی
یەکێ دەیگوت
ژنانی گەنجی
یەکێ دەیگوت هیچ ژنێکیان
من و تۆ بووین
گوتمان هەموو تەمەنمان

(٦٨)
دوێنێ دەروونناسێک ها تبوو
یەک و لاپەڕەی دا بە هەموومان
گوتی
چۆتان پێخۆش ئەوێ بنووسن
یەکێ نووسیبووی
خۆزگێ پیریی نەبووایە
یەکێ نووسیبووی
ئەڕەی دزێخ
یەکێ نووسیبووی
بێ چ نامرم
من و تۆش نووسیمان
ژیان خۆشەویستییە

(٦٩)

ئیدارەی خانەی پیران
داوایانکرد
هەریەکەو وێنەیەک
بەگۆرەیی
بەسەر سەری خەمان هەڵواسین
یەکە وێنەی مندالی
یەکە وێنەی چوونە قوتابخانەی
یەکە وێنەی هاژی شایەکەی
یەکە وێنەی هاژی دەرچوونی
یەکە وێنەی هاژی دامەزرانی
ئەمەش
ئەلبوومی تەمەنی
پڕ خۆشەویستی خەمان
هەڵواسی

(٧٠)
هەموو ساڵێ
لە خانەی پیران
من و تۆ
بەهەی خۆشەویستی
بەردەواممان
بەهەی بە کۆشەیمان
بەهەی پاک و خاوێنیمان
ئیدارە
بە دزی خەڵاتمان دەکەن
نەوەک پیرەکانی تر توڕەبن

(٧١)
ئیدارەی خانەی پیران
بە تاقەت بوون
هەندەی
هاژی لە دایکبوونمان
بە بکەن بە جەژن
هاژی یەکترناسینمان
بە بکەن بە جەژن
هاژی شایەکەمان
بە بکەن بە جەژن

□□ژی دامەزراندنمان
بۆ بکەن بە جێژن
□□ژی خانەنشینبوونمان
بۆ بکەن بە جێژن
□□ژی هاتنە خانەی پیرانیمان
بۆ بکەن بە جێژن

(٧٢)
هونەرمەندەکیان هێنابوو
ئیدارەی خانەی پیران
بۆ دەخۆش کردنمان
گەرم گەرم گەرانی دەگوت
پیرەکان
چیە ئەم دەنگە دەنگە
ئەم هەراو چەقە چەقە
بیبەنەوە بۆزار بووین
من و تەش
دەستمان گرتبوو
سووک سووک
شاد شاد
منداڵانە شاییمان دەکرد

(٧٣)
لە هەموو تەمەنما
هەرگیز
لێم نەپرسیوی
چۆن منت خۆشویست
لە هەموو تەمەنتا
هەرگیز
لێیت نە پرسیوم
بۆ چ منت خۆش ویست
لە ڕستەکانی خۆشەویستی
بۆچی و چۆن
جێیان نابێتەوە

(٧٤)
لەوەتەی تەم خۆشویستووە
هەرگیز هەستم نەکردووە

هەژارم
دەوڵەمەندم
گەرمامە
سەرمامە
ساغم
نەخۆشم
بەردەوام هەندێ دەزانم
لەخۆما و
لە بە ئاگاییمدا
لە منداڵی و
لە پیریمدا
هەمیشە تەم خۆشویستووە

(٧٥)
لە بیرتە
یەکەمجار چووین
خانووەک بە کرێ بگرین
خاوەن ماڵ پرسی
منداڵتان هەیە
گوتمان خۆشویستی
گوتی سەیارەتان هەیە
گوتمان خۆشویستی
گوتی پارەتان لە بانک هەیە
گوتمان خۆشویستی
تووڕەبوو
گووتی بەڵێن بەڵێن
نان و خۆشویستی بخۆن
لەو ڕۆژەوە
ئەمەش
نانی خۆشویستی دەخۆین

(٧٦)
لە منداڵیەوە
پێکەوەین
بەخۆشویستیەوە
تا ئەرمان هەناوە
ئەڕەی خانەی پیران

سبەینێ کە مردین
پێکەوە لە گۆڕێک بمانژن
بڕۆ یەک گۆڕ
دوو گۆڕ تەرایی ئەمە ناکات

مەولود ئیبراهیم حەسەن
پایزی /٢٠٢٤ – هەولێر

_____

-ئەم جارەش برای بەڕێزم مامۆستا (هەردی قاسم) ی هونەرمەند دەسەزی نواندو هەڵکانی بە ڕاستکردمەوو وێنەیەکی جوانترو گونجاوتری بە شیعری (منداڵێت بۆرم نادا..) دیزاینکر د، لێ دڵەوە بۆگەرمی سوپاسی دەکەم .